# نازەنین و مانگەشەو

کورتە چیرۆک

حەسەن جودی

ناوی پەرتووک: نازەنین و مانگەشەو

نووسینی: حەسەن جودی

بابەت: کورتە چیرۆک

دیزاینی بەرگ و ناوەڕۆک: سەرمەند سەلیم

ساڵی چاپ: ٢٠٢٥

نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم (چاپی ئەلیکترۆنی)

هەموو مافێک پارێزراوە

بە پاڵەوانەکانی نێو ئەم کورتە چیرۆکانە.....
پێشکەشە

# ناوەڕۆك


١–چیرۆکی ئەم چیرۆکانە ........................ ٧
٢– شەوگارێکی ئاسایی.............................. ١٩
٣– هیوایەک لە خەونێکی فەرامۆش نەکراودا..... ٢٥
٤– شاعیرێک و لاپەڕە حەوتی ڕۆژنامەیەک..... ٢٩
٥– نازەنین و مانگەشەو........................... ٤٥
٦– شەڕ و ئاشتی ...................................... ٥٣
٧–سیناریۆی کورتە فیلمی «شەڕ و ئاشتی» .... ٧١

# چیرۆکی ئەم چیرۆکانە

-١-

لەسەرەتای ساڵانی هەشتایەکاندا دەستم بەخوێندنەوەی ئەو پەرتووک و گۆڤار و ڕۆژنامانە کرد کە لە پەرتووکخانەکەی براکەمدا هەبوون. زۆری نەبرد خۆشم دەستم نووسین کرد، لەساڵانی ١٩٨٣ بەدواوە منیش وەک زۆربەی هەرزەکارانی ئەم وڵاتە، کە ڕوو لە ئەدەب و هونەر دەکەن، سەرەتا بە نووسینی هۆنراوە دەستپێدەکەن و دواتر بە چیرۆک و پەخشان دەنووسن. ئیدی زێدەڕۆیی نابێت کە بڵێم ڕۆژانە هۆنراوەم دەنووسی، سەرەتا زۆربەی هۆنراوەکانیش ئەڤینداری و کەمێکیشیان نیشتمانیی بوون، سەرەتا بە کێش و سەروا، دواتر بەشێوەی هۆنراوەی ئازاد دەمنووسین، ئیدی تادەهات هۆنراوە نیشتمانیی و شۆڕشگێڕییەکانم زیاتر دەبوون، هەر ئاوا لەماوەیەکی کەمدا

دەفتەرێکی گەورەم پڕکرد لە هۆنراوە، زۆر دڵم بەو هۆنراوانە خۆش بوون، رەنگبێ بەپێوەری ئەدەبی، هیچیان لەتەرازووی هونەری هۆنراوەدا بە هۆنراوە لەقەڵەم نەدەدرێن. بەڵام هەموویان بەرهەمی کەفوکوڵی هەست و نەستی گڕگرتووی ئەڤینداری و نیشتمانپەروەریی بوون، بە دیدێکی دیکە؛ بەرهەمی ئەڤینداربوون و هوشیاریی سیاسییم بوون، هەموویانم خۆشدەویستن، دڵم زۆر پێیان دەکرایەوە. بەڵام ئەو هۆنراوانە لەساڵی ١٩٧٨دا، بە بەرچاوانی خۆمەوە، گڕی ئاگر هەموویانی هەڵلووشی و بوونە قەقنەس و خۆڵەمێشی رۆژگارە تاریکەکەی ئەوکاتە. هەرچەندە لە ساڵانی دواتردا و تا ئێستاش کۆمەڵێک هۆنراوەم نووسیون، زۆربەیانم لە رۆژنامەکان و ماڵپەڕ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوکردوونەتەوە، هەندێکیشیان کە زۆر تایبەتن بە خۆم

بڵاوم نەکردوونەتەوە. هەوڵدەدەم ئەو هۆنراوانەش لەدوو توێی نامیلکەیەدا بەچاپی ئەلیکترۆنی بڵاویان بکەمەوە.

لەساڵی ١٩٨٥دا دڕناگەم لە چیرۆک دا، لەو ساڵەدا دوو کورتیلە چیرۆکم بەناوەکانی «شەوگارێکی ئاسایی» و «هیوایەک لەخەونێکی فەرامۆش نەکراودا» نووسی. دەستم بە نووسینی ڕۆمانێکیش کرد، بەڵام ئێستایشی لەگەڵدابێت هەر تەواوم نەکرد. ساڵی ١٩٨٧ کورتە چیرۆکێکم بەناوی «شاعیرێک و لاپەڕە حەوتی ڕۆژنامەیەک» نووسی. ساڵی ١٩٨٩ش کورتە چیرۆکێکی دیکەم بەناوی «نازەنین و مانگەشەو» نووسی. ساڵی ٢٠٠٠یش کورتە چیرۆکێکی ترم بەناوی «شەڕ و ئاشتی» نووسی. ئەمە تاکە کورتە چیرۆکمە کە بڵاوم کردبێتەوە. هەروەها لە ساڵانی نێوان ١٩٨٥–١٩٨٨دا کۆمەڵێک شانۆییم نووسی و هەموویان

لە خوێندنگە دواناوەندییەکەمدا دەرهێنانم بۆیان کرد و بۆ خوێندکاران و مامۆستایان نمایش کران. دەستنووسی زۆربەیانم ماون. لە ساڵی ١٩٨٧دا شانۆیی «بەرەو جیهانێکی ئەفسووناوی»م نووسی، بەڵام لەلایەن سانسۆری رژێمەوە، مۆڵەتی نمایشی پێنەدرا و قەدەخە کرا، سەرەڕای ئەوەی ماوەیەکیش بوو خەریکی پڕۆڤەکردن بووین، کە کاک سلێمان گەلاڵی دەرهێنانی بۆدەکرد.

-٢-

بابەتی هەموو ئەم چیرۆکانە دەچنە خانەی ئەدەبی بەرگرییەوە. بەڵام ئاستی تەکنیکی گێڕانەوە و چنین و پاڵەوانبازێتیان زۆر سادە و ساکارن، لەهەمانکاتیشدا جیاوازن لەیەکتر. تەنیا کورتە چیرۆکی «نازەنین و مانگەشەو» نەبێت کە تاڕادەیەک بەتەکنیکێکی جیاواز نووسراوە.

سروشی کورتە چیرۆکی «شاعیرێک و لاپەڕە حەوتی ڕۆژنامەیەک»م لە ڕووداوێکەوە وەرگرت کە بەسەر هاوڕێی شاعیرم کاک قادر وەرتی (بێباک وەرتی)دا روویدا. هۆنراوەیەکی شۆڕشگێڕیی بۆ رۆژنامەی هاوکاری ناردبوو، سەرپەرشتیارانی ڕۆژنامەکەش دەستکاریی هۆنراوەکەیان کردبوو و کردبوویان بە هۆنراوەیەکی ئەڤینداریی ڕووت. کاک قادریش بەم دەستکاریکردنە زۆر نیگەران و تووڕە ببوو، هەر هاوڕێیەکی دەبینی و رۆژنامەکەی پێبوو، بە قەڵەم هۆنراوە دەستکاریکراوەکەی چاک دەکردەوە. ئیدی منیش ئەو چیرۆکەم لەو ڕووداوە وەرگرت.

ئەم کورتە چیرۆکە لە ساڵی ١٩٨٧دا لە کۆڕێکی چیرۆک خوێندنەوەدا لەگەڵ چەند چیرۆکنووسێکی دیکەی لاو، خوێندرایەوە و چیرۆکنووس و ڕەخنەگری ئازیز

کاک «سابیر ڕەشید»یش هەڵسەنگاندنی ڕەخنەیی بۆکرد.

کورتە چیرۆکی «نازەنین و مانگەشەو»یش، چیرۆکی من و خوشکێکی ئازیزمە، کە ئەوکاتە لەماڵەوە هاوکاریی دەکردم لە شاردنەوەی بڵاوکراوە نهێنییەکانی شاخ، کە رێک هاوکاتیش بوو لەگەڵ کردەی ئەنفالە شوومەکە.

کورتە چیرۆکی «شەڕ و ئاشتی»یش ڕەنگدانەوەی مەیلی ئاشتیخوازانەی بزووتنەوەی ئازادیی کوردستان و گۆڕینی ستراتیژی تێکۆشانەکەی و ملنەدانی فاشیزم بۆ ئاشتی و چارەسەریی و بەیەکەوەژیانی دیموکراتیانەی گەلان بوو. لە ساڵی ٢٠١٧دا ئەم چیرۆکەم کردە سیناریۆی کورتە فیلمێک. دواتر بەمەبەستی دەرهێنان و بەرهەمهێنانی، دام بە چەند هاوڕێییەکی سینەماکار، ئەوانیش هەندێک سەرنج و تێبینیی

جوانیان پێشکەش کردم. بەڵام بەداخەوە تا ئێستاش دەرفەتی بەرهەمهێنانی بۆ نەڕەخساوە. بۆیە پێم باشبوو سیناریۆی ئەم چیرۆکەش لەگەڵ چیرۆکەکەدا بڵاوبکەمەوە.

-٣-

بێگومان هەر بەرهەمێکی ئەدەبی و هونەری ڕەنگدانەوەی ڕووداوەکانی سەردەمی خۆیانن، لەهەمانکاتیشدا تەکنیکی گێڕانەوەکانیشیان ڕەنگدانەوەی ئاستی خاوەن بەرهەمەکە و ئاستی ئەدەبی و هونەری ئەوکاتەیە.

ڕەنگبێ ئەو کورتە چیرۆکانەم هیچ زیادەیەک نەخەنە سەر خەرمانی ئەدەبی چیرۆکنووسیی کوردی. بەڵام وەک بەشێک لەیادەوەریی سەرقاڵبوونم بە ئەدەبەوە، حەزمکرد لەدوو توێی ئەم نامیلکەیەدا، بەبێ دەستکاریکردن، بەچاپی

ئەلیکترۆنـی بڵاویـان بکەمـەوە.
سـەرەڕای ئـەوەی لەپـاڵ نووسـینی وتـار و توێژینـەوەدا، زیاتـر لـە چـل سـاڵە، بەپچـڕ پچـڕی هۆنـراوە، کورتـە چیـرۆک، شـانۆیی و سـیناریۆی فیلـم دەنووسـم. بـەڵام هەرگیـز خـۆم نەخسـتۆتە خانـە شـاعیران و چیرۆکنووسـانەوە. بـەڵام ئەڤینێکـی سەرسـووڕهێنەرم بـۆ گێڕانـەوە هەیـە. ڕەنگبێ ئـەم ئەڤینـە لـەوەوە هاتبێـت کـە مـرۆڤ بوونەوەرێکـی هەقایەتخـوان و گێڕەرەوەیـە، دەیەوێـت چیـرۆک و ڕووداوەکان بگێڕێتـەوە، گێڕانـەوە بۆخـۆی بەشـێکی بوونایەتـی مرۆڤـە، ئیـدی هەریەکـەو بەشـێوەیەک ئـەم بوونایەتییـەی خـۆی دەخاتـەڕوو. جـا گێڕانەوەکانیشـم لـە کورتـە چیرۆکـەوە بـۆ شـانۆیی، لـە شانۆییشـەوە بـۆ سـیناریۆی فیلـم هـەر بازبازێنیانـە، نازانـم گێڕانەوەکانـم چەنـدە چێژبەخش و هونەریانـەن و چەندە لەگەڵ

چەشـەی ئەدەبیـدا ویـک دیـتـەوە، مەگـەر هـەر خوێنـەر ئەمـە یەکلایـی بکاتـەوە.
لە سەرەتای ساڵانی نەوەدەکانەوە تا ئێستا کۆمەڵێـک سـیناریۆی کـورت و درێژیشـم نووسـیون. تەنیـا یـەک دانەیـان کـراوە بـە فیلـم، کـە فیلمـی «وڵاتـی بێ ئاسمان» بـوو و ئەویـش دوای بەرهەمهێنانـی، لەلایـەن دەسـەڵاتی کوردییـەوە لـە نمایشـکردن قەدەخـە کرا و تائێسـتاش نمایش نەکراوە.
حەزمکـرد وەک پێشـەکییەک چیرۆکـی خۆشـم لەگـەڵ ئـەو چیرۆکانـە بگێڕمـەوە، هیواخـوازم خوێندنـەوەی ئـەو کورتـە چیرۆکانـە چێژێـک بەچەشـەی ئەدەبیتـان ببەخشـێت.

**حەسەن جودی**

**هاوینی ٢٠٢٤**

# شەوگارێکی ئاسایی

کاتێک هاواری مناڵێک، لەخەوێکی پڕ ئاوات دا، لەژێر پێخەفە چڵکناویەکەمەوە ڕای کێشامە بەر پەنجەرە دارەکە، کە بینیم بەهاواری و گریان دەیووت:

– بابە گیان، گیانت بۆکوێ نارد؟! خوێنت بۆ کێ ڕشت؟.

منی کڵۆڵیش، ئەسرین لەچاوەکانم بەرببوو، نم نم دەتکایە سەر خاکە ووشک بووەکە.

بەچاوی پڕ ئەسرین ڕووی لە ئاسمانە ڕەش هەڵگەڕاوەکە کرد، دەستە سوورەکانیشی کە بە هیمۆگلۆبینەکانی باوکی ڕەنگی کردبوو بۆ ئاسمانی ڕەوانەکرد، قوڕگە باریک و ناسکەکەیشی کە گریان خنکە خنکی پێ خستبوو هاواری کرد:

– ئەی ئەستێرەکان گەشاوەتر بن، ئەوا ئەستێرەیەکی تر، ئەوا هات، هات توخوا پێشوازی بکەن، جێگەی بۆ ڕاخەن زۆر ماندووە، هیلاکە با کەمێک بخەوێ.

هێدی هێدی، پەیکەری منداڵە هەتیوەکەم لەبەرچاوی پڕ ئەسرینی خوێناویدا وون بوو، بەرەو تاریکایی ڕۆیشت، دەنگەکە بەرە بەرە نزم تر بوو. تاوای لێ هات تەنها ووتەکانی پێشوو لەگوێچکە چڵکناویەکەمەوە دەزرنگایەوە. بەچاوانی پڕ لەئەسرین ڕووم کردە ئاسمان، ڕووم کردە ئەستێرەی بەیان، کە تاریکی قووتی دابوو:

– دەزانی بۆ خۆیان بەکوشت دەدەن؟!

لەپێناوی بەدی هێنانی ئاسمانێکی بێ تاریکی و بێ تەم، لەپێناوی تۆ ئەی پیرۆزترین ئەستێرە..

کاتێک ڕووم کردە دامێنی پەنجەرە دارەکە بینیم «دەریای ئەسرین»ی گوندەکە لەگەڵ ئەسرینەکانی دڵدارانی باران و شەونخونیان زەریایەکیان(ئۆقیانۆسێکیان) پێک هێنا بوو. دەنگی شەپۆلەکان بێ دەنگی ئاواییەکەی بڕی. شەپۆلەکان گورگە دەم بەخوێنەکانیان لەناوخۆیاندا

خنکاند... کاتێ گورگە دەم بەخوێنەکان بەم بەزمەیان زانی کڕنۆشیان بۆ شەپۆڵەکان برد. داوای کەمێک یارمەتیان کرد:

– خنکاین دەرمان بهێنن.

– چۆن لە ڕووتان دێت داوای یارمەتی بکەن؟!.

کاتێک سەرم هەڵبڕی، پڕشنگی ئاسۆ لەقوڕگی تاریکیدا سەری دەرهێنا، ڕووی کردە هەموو کاولە ڕووخاوەکان، تیشکێکی بەرەو کاولە ڕووخاوەکەی منالە هەتیوەکە برد. کاتێ سەرم دانەواند منالەکە لەخانووەکە هاتەدەر، ڕووبەڕووی تیشکە خۆرە ڕەنگینەکە هات، نەوەستا.. هات، گرمە گرمەی ترسنۆکان بێ وەستان بەردەوام بوو... ڕوویان کردە منالەکە، بەبێ ویژدانی، نامرۆڤانە هەپڕون بەهەپڕونیان کرد. کاتێک سەرم هەڵبڕی بۆ ئاسمانی خوێناوی لاشەکە بەرەو ئاسمان دەڕۆیشت ڕووەو

لای ئەستێرەی بەیان دەڕۆیشت. ماچێکی لە قژی سەوزی کرد، ئەستێرەی بەیانی بەجێ هێشت ڕووەو لای باوکی ڕۆیی و دەستەکانی باوکی ماچ کرد و خوی بە باوەشی داکرد. گرمە گرمیش وادیار بوو لە پاشەکشە بوون دابوو.

کۆترە سپیەکانیش بە تەقڵەبازیدا ڕووەو ئاسمانی گوندەکە هەڵفڕین.

**شەوی هەینی ٦/٥ ــ٤ــ١٩٨٥**

# هیوایەك لەخەونێكی
# فەرامۆش نەكراودا

کات: ڕابردوو و ڕانەبردوو و داهاتوو.

«ئای بۆ ئازارم دەدەن؟! ئای... دڕندەینە، منیش مرۆڤ مرۆڤ، خاوەنی هۆشم»

ئای کە لافاوی نەزانی ڕووی کردە باخەکەم، چەندەها گوڵی جوانی هەڵوەراند چەندەها بولبولی خنکاند. بەڵام نەیتوانی بوونیان نەبوون بکات، نەیتوانی ئەوینداری بولبولان لە گوڵان قەدەغە بکات.

«بۆ دام ئەپلۆسن...؟! لەم بەهارە ڕەنگینە مەیم پێ ئەنۆشن؟! ئای... دڕندەینە بێ بەزەینە... نامرۆڤانەن... بۆیە کارتان ناسەنگینە... ئازادم کەن... بەس لەبەندیخانە بەندم کەن... بەس لەناو کورەی ئاگرا بمکەنە خۆڵەمێش... بەس هیوای مرۆڤ ببڕن».

هەرچەندە نەیان دەهێشت ووشەی ڕاستی دەربڕم، بەڵام لەمردنیش ڕام نەدەکرد.

«بێ خاک ناژین، خاک بێ ئێمە! ناژیێ. من لەخاکم... من لەخاکم خاکیش لە من».

کوشتنی مرۆڤ نموونەی خەزان بوو. بەڵام ژیان بۆ بوونەوەرە... خەونیش پیربوو...

ئۆخەی! بەختەوەری ئەوە تۆی؟! ئای چەند سەخت بوو تا گەیشتم بەتۆ، لەم خەونە پڕ لەداپڵۆسینە، چۆن مرۆڤێک دەسەڵات دار بوو! کوان دەسەڵاتداران.. کوان خوێن ڕێژەکان؟ لەخەونە تاڵە شیرینەکەم دا لێیان دەدام؟ ئێستا کوان؟!.
فرمێسکی شادیم پاش خەون ڕشت.

**شەوی هەینی ١٧/١٨-٥-١٩٨٥**

# شاعیرێك و
# لاپەڕە حەوتی ڕۆژنامەیەك

«پێشکەشە بە (بێباک وەرتی)ی شاعیر»

هەر لەگەڵ گەردی بەیانیدا خۆر خۆی لەژێر ڕکێفی هەوردا مات کردبوو. لەبەر ڕەشتاڵیەتی پەلە هەورە تێک چڕژاوەکاندا خۆر نەدەبینرا. بەڵام خەڵکەکە بە کاتژمێرەکانیان دەیانزانی چەند باڵێکی ماوە بۆ ماڵئاوایی کردنێکی ڕەشەتاڵیانە. سەرەڕای ئەوەش بە پانتایی و درێژایی شەقامە سەرەکییەکەی شار ترومبێلە تایبەتەکان و نەفەرهەڵگرەکان هەریەکەو بەپێی سایدی خۆی هێور یان خۆش ڕۆ بوون. هەندێک لە ترومبێلەکانیش نەتایبەتی بوون و نە نەفەرهەلگر(بێ ژمارە بوون)، بەتوند و تیژی خۆیان ڕەپێشی ترومبێلەکانی تر دەکرد، وەک بڵێی: بەقەڵمبازی بازیان دەدا پێش ترمبێلەکانی تر و بەجێیانیانی دەهێشتن. لەوانەیە زۆربەشیان بێ هۆپگر* بن. ئەم بەر و ئەو بەری هەردوو شۆستەی شەقامەکە خەڵکی لەخۆ گرتبوو، لەناو

یەکتردا تێک چڕژابوون. ساردی کەش و سڕی لەش وای لە خەڵکەکە کردبوو لە قاوغی ڕۆیشتنی ئاساییدا دەربچن و پەلە لە پێیەکانی خۆیان بکەن. لەناو هەموو ئەوانەدا کابرایەکی لاوازی کەمێک ڕەشتاڵە، قاتێکی ئەفەندیانەی کۆنینەی لەبەر بوو وادیار بوو بە درێژایی ئەو ڕۆژە لەبەر باران ڕاوەستا بوو، لە تۆقی سەریەوە تا ناو پێڵاوە لاستیکەکانی ئاوی بارانی لێ دەچۆڕا، لە شەکەتی لەشە لاوازەکەی ڕا دیار بوو هەموو ئاوی باران نەبوو، لەگەڵ ئارەقەی لەشیشیدا تێکەڵ یەکتر ببوون و بەرەو ژێر پێی خەڵکی تردا دادەچۆڕانەوە. بەڕوویێکی مەرگەساتیانە دەیڕوانیە دەستی خەڵکی. هەندێ جاریش ڕادەوەستا و یاخود لە پێشی یەکێک، هەر نا لە تەکی یەکێک، بە قسە دەهات. بێ گومان وەکو خەڵک خۆش ڕۆیانە بوو، بگرە خۆش ڕۆتریش

بوو. چاوی بە کابرایەکی پۆشاک جوان و ڕێک و پێکی چاویلکە لەچاو کەوت:

– تۆ کابرا... هێی لەگەڵ تۆمە... هێی.

+ من؟!

– بەڵی تۆ

+ چیت دەوێ لێم؟

– ئەمە چیە بەدەستتەوە؟

+ ڕۆژنامەیەک و کتێبێکە

– ڕۆژنامەش؟

+ بەڵ...

هێشتا کابرای ڕۆژنامە بەدەست «بەڵێ»ی تەواو نەکرد ڕۆژنامەکەی لە دەستی ڕاجفڕاند و تەماشای ناونیشانی ڕۆژنامەکەی کرد و بەداخێکی بوغزاویەوە گووتی:

– هەوە گەلحۆیەکەیە.

هەر زوو بە زوویی پەنجەیەکی خستە نێوان لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکە و بەپەلە چرپاندی:

– ئەوەتە لاپەڕە حەوتی بێ قیمەت.

کابرای بەرامبەریشی تەنها سەرسوڕمان

بەشی بوو، تەماشای دەستەکانی ئەوی کرد. خۆی و کابرای بە وێنەیەکی نائاسایی لەناو جمەی خەڵکەکەدا بەدی دەکرد، خەڵکەکەش لە تیژ ڕۆیشتنی خۆیان پەکی خۆیان نەخست، یەکەیەکەشیان لە نیگایەکیانەوە دەیانڕوانیە شاعیرە ڕەقە ڕەشتاڵە شێتەکە.

شێتە شاعیر، وەک لە دەریایەکی بێ بن ڕزگاری بووبێ، ئۆخەیەکی بەسەر زمانی تێپەڕی و ڕەنگی کەمێک لە مەرگەساتیانەی خۆی هێور بۆوە:

– ئۆخەی ئەو دانە ڕۆژنامەیەشم چاک کردەوە.

وەک پێشتر ئاگای لە ئەوەی بەرامبەری نەبووبێ ڕوانگەی لەسەر ڕۆژنامەکە لابرد و سەری خۆی بڵند کرد، سەری سوڕما.

– ها کاکە چییە؟ ... ئا... ئەوە تۆیت. هەر لێرە ماویت؟.

+ ئەدی بڕۆم؟ ڕۆژنامەکەم بدەرەوە با بڕۆم.

– فەرمووو. ئەوە بۆم ڕاست کردیتەوە ئەدی چیت دەوێ؟

+ چیت ڕاست کردەوە؟

– شیعرەکەی خۆمم ڕاست کردەوە، کە لە لاپەڕە حەوتی ئەم ڕۆژنامەیەیە.

+ جا بە خوا بمزانیبایە شیعری تۆی کوندە پەپوو ئاسای تێدایە ئەو پەنجا فلسەم بایی نەدەدا و هەر نەمدەکڕی.

ئەفەندی ڕۆژنامە بەدەست پاش قسە پچک و پەلارەکانی شاعیرەکەی زیاتر شێت کرد و ڕۆیشت و بەگەڵ جمەی خەڵک کەوت و تیایاندا گووم بوو.

ڕووی شاعیرە شێت بەجارێ مەرگەساتیانەی تێدا پڕژا:

– من شیعر بۆ کێ دەنووسم؟ بۆ یەکێک لەبەر شڕ و شەپڕێوی پۆشاکم گەر بیزانیبایە شیعرم تێدا بڵاوکراوەتەوە

ڕۆژنامەی ئەمڕۆی نەدەکڕی!!. ئەمە سەیرە. کامەمان شایستەی یەکتر نین؟ من و شیعر؟ یاخود شیعر و ئەو؟ یاخود ئەو و من؟ کامەمان؟ بێ گومان ئەبێ یەکێکمان شایستەی ئەویتر نەبین. جا کامەمانین؟ لەوانەیە من نە شایستەی شیعر بم و نە شایستەی ئەو.

بەلەش ساردیەوە پێیەکانی بە جووڵە خست، لەبەر خۆیەوە:

– ئەو؟! ئەو کێیە؟! من شیعر بۆ ئەو نانووسم، بۆ ئەو کەسانە دەنووسم کە تێیان گەیشتووم نەک بۆ ئەو کەسانەی لەبەر شڕ و شەپڕێویم شیعرم ناخوێننەوە.

بەناو خەڵکیدا تیژڕەوانە، ڕۆیشتنە لەسەرخۆکەی واز هێنا. هەستی بینینی تەنها لەسەر دەستەکانی خەڵکی بوو:

– ئا ئەوەتە ئەمەش ڕۆژنامەی پێیە.

بەخێرایی بەدوایدا ڕۆیی، پێڵاوە لاستیکەکانی شەڵپە شەڵپیان بوو:

– هێی کابرا... لەگەڵ تۆمە.

کابرا شەڕواڵ و پاڵتۆیەکی پۆشیبوو و درێژی گەنم زەرد بوو. هەر ئاگای لە شاعیرە کۆرپە کوژراوەکەی پشتی نەبوو!!

بۆیە لە ڕۆیشتنی تیژڕەوانەی خۆی نەوەستا.

شاعیرە شێت خێراتر ڕۆیشت و گەیشتە کابرا و سەر شانی ڕاتەکاند و بەدەم و چاوێکی غەزەبیانەوە لەسەری نەڕاند:

– کەڕی گوێت لێ نییە، دەمێکە بانگت دەکەم.

+ ........

– بۆ قسە ناکەی خۆ لاڵ نیت؟

کابرا زۆر بەهێمنانە و بێ خۆتێکدان بەدەست هێمای بۆ ئەوەکرد کە: «چیت لێم دەوێ؟»

شاعیر، لەبارە غەزەبیانەکەی خۆی سارد بۆوە پەشیمانی لە ڕووخساریدا بەدی دەکرا:

– نەمزانی لاڵیت و قسە ناکەی، بمبوورە و داوای لێبوردن دەکەم.

+ ........

کابرای لاڵ دەستەکانی بۆ گوێچکەکانی برد و هێمایەکی کرد کە: «کەڕیشم»

– وادیارە کەڕ و لاڵیشە. لە من کڵۆڵ ترە.

بەدەستی هێمای بۆ ڕۆژنامەکەی دەستی ئەو کرد بۆ لێ وەرگرتنی. ئەویش ڕۆژنامەکەی دایە دەست. شاعیریش یەکسەر لاپەڕەی حەوتی کردەوە و سەری سەر پێنووسەکەی دەستی لادا و هێدی هێدی شیعرەکەی دەگۆڕی و بڕگەکانی ڕاست دەکردەوە، کە دەستەی بەڕێوەبەرانی ڕۆژنامەکە گۆڕی بوویان، لەبەر بەرژەوەندی خۆیان، نەوەک لە پلەوپایەی بەڕێوەبەرێتی بیانهێننە خوار و ئەڵقەکەی کە لە گوێیاندا سم کراوە، لە گوێچکەیان بپچڕێنن.

پاش گۆڕینی هەندێ ووشە و ڕاست کردنەوەی هەندێ لە بڕگەکانی شیعرەکە بەڕێز و نەوازشەوە بە کراوەیی ڕۆژنامەکەی دایەوە دەستی بەدەست

تێی گەیاند کە تەماشای لاپەڕەی حەوت بکات. ئەویش ڕووخۆشانە سەیری لاپەڕە حەوتی کرد، پاش دەمێک بەراوردکردنی ووشە چاپکراو و ووشە بەدەست نووسراوەکان، هەناسەیەکی داخ لە دڵانەی هەڵکێشا و لەپێش چاوی شاعیردا شیعرەکەی شاعیری لە ڕۆژنامەکە لێ کردەوە و هەموو پەڕەکانی پچڕپچڕ کرد و خەندە هەموو ڕووخساری گرتەوە. پاشانیش پارچە ڕۆژنامەکەی شیعرەکەی تێدا بوو خستیە ناو گیرفانی. زۆر بەگەرمی تەوقەی لەگەڵ شاعیردا کرد. شاعیریش سەرسام ڕاوەستابوو بەرامبەر ئەم هەڵوێستەی کابرا.

شان لە شان دانی خەڵکی لە ئەم لا و ئەو لایان، لە یەکتری وون کردن.

بەڕووخساری سەرسام گرتووانە بەناو خەڵکەکەدا لاقەکانی بەدوای خۆیدا ڕادەکێشا. لەبەر سەرسامی، خۆی بەم

لا و بەو لای خەڵکەکانی دەوروبەری دادەدا و لەسەر سامیان دەخست. تا سەری خۆی لە ئەستوندێکی کارەبای شەقامەکە دا، ئەو کاتە لەش و لارە سەرسام گرتووەکەی هاتەوە سەرخۆی:

- تۆبڵێی خەڵک لە من هەڵوێستدارتر بن، دیاردەی ناڕەوا نەفرەت بکەن؟! بەڵام من شاعیرم!!

پاش کەمێک ڕۆیشتنی خاوبووەوەی تر بە تەنگ پرسیارەکەی پێشوویەوە هات:

- ڕاستە. مرۆڤی لە شاعیر هەڵوێستدارتر هەن و زۆریشن. گەر منیش هەڵوێستدارێکی تەواو ببام شیعرم بۆ ڕۆژنامەیەکی ئاوها ئەڵقە لەگوێ نەدەنارد.

خەڵک لە شۆستەکانی شەقامەکەدا بەرە بەرە لەکەم بوون دابوون. شاعیریش ڕێ ڕۆیشتنەکەی گەیشتە بەردەرگای نووسینگەی ڕۆژنامەکە، سەرێکی بۆ دەرگاکە لەقاند:

– ئێرە دەرچەی ڕۆژنامە نەعلەتیەکەیە...

پاش کەمێک لێ ڕامان لە دەرگای نووسینگەکە، گووتی:

– دەبێ بەڕێوەبەر ڕۆیشتبێ؟! لەوانەیە مابێ. چونکە بەڕۆژ وەک کوندە پەپو کەس چاوی بە چاوی ناکەوی، ئەوەندە شەرمەزارە. ئا ئەوەتە بەڕێوەبەری گوێ کون کراو، پۆشتە و جوانیشە. دەڵێن: چیا بە چیای ناکەوێ بەڵام چاو بە چاو هەردەکەوێ.

بەخێرایی لێی چووە پێشی، یەخەی چاکەتەکەی گرت.

– وەرە مەڕۆ هەی سەگباب. بۆ شیعری منتان چەواشە کردووە، ها؟

لێ نەگەڕا ئەفەندی قسە بکات و نوقەی لێوە بێ، مستێکی بۆ دەم و چاوی ڕاوەشاند، خستیە سەر خاکە تەڕاوی یەکە، لەگەڵ ڕاوەشاندنی مستەکە تەقینەوەیەکی گەورە ڕوویدا.

– ئەم دەنگە گەورەیە چی بوو دەنگی هات؟
ئاوڕێکی لێ دایەوە:
– ها بۆ قسە ناکەی؟ وادەزانی بە مستێک لەیەخەت دەبمەوە؟ قسە بکە هەی سەگباب بۆ شیعری منتان چەواشە کردووە؟
سەیرێکی دەم و چاوە خوێناوییەکەی کرد، کەمێک پەشۆکا. سەری خستە سەر سینگی کابرا، دڵی وەک بەرد لە لێدان خسترابوو. سەری بڵند کرد؛ دیتی کابرایەکی ئەفەندی تر لە پێپلیکانەی باڵەخانەی نووسینگەکە دەهاتە خوارەوە. بە شلەژاوی هەستایە سەرپێ.
– ئەمە کێیە؟ ها... واچاکە ڕابکەم.
تێی تەقاند، مردنی ئەفەندی وای لێ کرد هەموو ئەو ماندووبوونەی لە لەشی دابوو دەری پەڕێنێ و جەستەییێکی چووستی لێ بێتە جێ. خۆی لەناو تاکە تاکەی خەڵیکدا گووم کرد. بەڵام گوێی لە کابرای سەر پێپلیکانەکە بوو کە

هاواری دەکرد و دەیگووت:
– ئەی هاوار... سەرنووسەریان کووشت.
سەرنووسەریان کووشت.
تا لەکاتی ڕاکردندا ترۆمبێلێکی نە تایبەت و نە نەفەرهەڵگر (بێ ژمارە) بەسەر کەللە شیعرئاووسەکەی شاعیردا کەوت، بێ ڕاوەستاندنیش بەسەر لاشەکەیدا تێپەڕی... دوای ئەو ترۆمبێلە چەند ترۆمبێلێکی تری هەمان چەشن بەسەر لاشەی شاعیردا تێپەڕین، لەهەمان کاتدا چەند تەقینەوەییێکی تریش ڕوویدا.
پاش بەسەردا ڕۆیشتنی هەموو ترۆمبێلە نەنەفەرهەڵگر و نە تایبەتەکان بەسەر لاشەکەدا، گەر سەیری لاشەکەیت بکردایە ئەوا نەتدەتوانی بڵێی ئەمە لاشەی مرۆڤە. دەفتەرێکیش کە لە باغەڵیدا بوو پەڕ پەڕ بوو لەناو خوێندا سوور هەڵگەڕا بوون.
شاعیر و شیعر، مرۆڤ و مرۆڤایەتی

لەژێر تەنناشی ترۆمبێلەکاندا دەیانقیژاند، ناوە ناوەش پێدەکەنین.

*هۆپگر : ئیستۆپی ترۆمبێل

**تەواو**

**٤-١١- ١٩٨٧ چوارشەممە**

**تێبینی:** ئەم کورتە چیرۆکە کاتی خۆی ساڵی ١٩٨٧ لەگەڵ پێنج چیرۆکنووسی دیکەی لاو، لە کۆڕێکی چیرۆکخوێندنەوەدا لە (هۆڵی رۆشنبیری جەماوەر) خوێنداریەوە و چیرۆکنووس و رەخنەگر کاک (سابیر رەشید)یش تێخوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی رەخنەیی سەبارەت بەم چیرۆکە و چیرۆکەکانی تری کۆڕەکە کرد، ئەوکاتە لەکۆڕەکەدا قسە و باسێکی باش سەبارەت بەم چیرۆکە و چیرۆکەکانی تری لاوەکان کرا.

# نازەنین و مانگەشەو

پێشکەشە بەو مرۆڤەی کەوا گووتی:

«خەم نوقڵ نییە تا لەدەمدا بتاوێتەوە»

دوو ساڵ دەبوو، نە تۆ سەردانیت کردن و نە ئەوانیش سەردانیان کردی، ئەوا سێ ڕۆژە بەڕەوکردن گەڕایتەوە ماڵی دایە و بابەت.

– کیژم هەر گێ مەدێ، ماری دنیا هیچ نی یە، خوا بکەم حەسەن بە سەلامەتی بێتەوە ناو مار و منداری، مار هەر پەیدا دەبیتەوە...

+ ئەرێ وەڵڵاە، سەر سەلامەت بی ماری دنیا هیچ نی یە...

دەتزانی هەر دڵ دانەوەیە و بەس... بۆیە هەر بەکەلەش لەلای دایکت و پلکت دانیشتبووی، ئەگەرنا چاوت لەو جێ یە بوو کە نەهێنی یە دێرینەکەی لێ شاردرا بووەوە...

بەدەستە خۆت نەبوو داڵغەکەت لەگەڵ قسەکانی ئەوان تێک هەڵکێشی یەکدی بوون...

مانگ تیشکی خۆی لێیدەدان.

*»نازەنین جوانی بشارەوە. نەوەک

کەس بیبینی و شکی لێ بکات»
خۆر تیشکە ئاگراوییەکەی لە حەوشەکەتانی دەدا.
+ کچێ هەر شیرینی مام وسوی خۆمان بڕێ: دەرێن هەر ئەو لە مارێ قووتار بووە ئەگەرنا جوامێری مێردی و هەر سێ مندارەکەی بە یەکجاری گیانیان لەبەر دەرچوو...
/ « باشە سیامەند گیان»
- توخوا بەڕاستیتە؟!
+ کچێ دەرێن حەفتەک دەبی دەستی بەخینی جوامێر و مندارەکانیتی، دەرێ: قەت ناشۆم. دەرێن: وەکی شێتانی لێ هاتیە.
ئەوکات نەت دەزانی بۆچی بۆویت دەشاردەوە و بەخۆی نەیدەشاردەوە... ئای کە هەستت بەخۆشی دەکرد و نەشت دەزانی بۆ؟!. بەڵام هەموو جار نەهێنی یەکەت زۆر بە جوانی بۆی حەشار دەدا... هەندە جارانیش لەگەڵ ئەو خۆشی

یەدا ترس خۆشی یەکەتی گەمارۆ
دەدا، بەتایبەتی ئەگەر باوکت لە ماڵ
بایە. چونکە زۆر جاران باوکت لەگەڵ
سیامەند شەڕیان بووە لەسەر ئەو
کتێب و متێبانە!! بۆیە ئەوجاری باوکت
لە ماڵ بووایە یاخود نزیکی هاتنەوەی
بایە ئەوا ترس ئازای لەشتی دادەپۆشی،
خۆشی لە ڕووخسارتدا باری دەکرد...
– نازەنین، نازەنین هەستە کیژم نیڕوانە.
نانەکەت بخۆ.
ئەم قسەیەی داکت داڵغەکەی پساندی،
ڕوانیتە دەوروبەری خۆت: داکت و پلکت
لە پارتدا هەڵستاون و لەبن هەیوانەکەدا
جێیان هێشتووی و چووینە ژووری.
/ دەبی ئەو شەو دەریانبینم...
هەستایتە سەر پێ و چووی لە پاڵ داکت
دانیشتی... لەگەڵیاندا دەستت کردە خواردن...
مانگە زەرد لە ترسی برسیان خۆی لە
ئاسمان دا هەڵواسیبوو.

عەیامێکە، خەرک لەسەر بان دەنوون.
داکت جێ یەکانی لەسەر بان ڕاخستبوو.
جێی تووی لە پاڵ پلکت ڕاخستبوو...
دەمێک بوو داکت و پلکت نووستبوون.
باوکیشت و منداڵەکانیش هەروا. خەو وەک سەربازێکی هەڵاتوو لە سوپاکەی، لە گۆڕەپانی چاوەکانت هەڵاتبوو... خۆشت حەزت نەدەکرد بخەوی. چونکە بڕیارت دابوو کەوا: ئەم شەو دەریان بهێنی...
/ دەچم... ئەگەر زانیان؟!. خۆ ئەوان نازانن چەند گۆڕاوم و بیر لە زۆر شتی گەورە گەورە دەکەمەوە... نا جارێ حەزناکەم بزانن گۆڕایمە... خۆزگە سیامەند مابایە!!...
ئای چەند ئاسوودە دەبوو بیدیتبایە: ئەمن گۆڕایمە، بیدیتبایە: ئەمن بەهەمان جامی ئەو دەخۆمەوە!!. بەڵام سیامەند گیان حەسەن هەنگاوەکانتی تەواو کرد!!...
خۆت گەوزاند و رووی خۆت وەرگێڕایە لای پلکە نووستووەکەت

/ خۆ زۆر جار دەیگۆتە من: هاو ئەو کتێبە بخوێنەوە. ئەمنیش کتێبەکەم لێ وەردەگرت، هەموویم دەخوێندەوە.. ئەو کتێبانەی دەیدا من سانا بوون...

خۆت خزاندە سەر پشت. مانگ بە شێنەیی دەیڕوانییە سینەت.

/ چەندی پێ ناخۆش بوو کە بابم لە مەکتەبی دەرهێنام. بەران بەرامبەر بابم بێ دەسەرات بوو...

فرمێسکت بە مانگ پێ دەکەنی. بەتانیەکەت لەسەر خۆت لادا.

/ دەچم... بەس ئەوە دەرمهێنان، لە کێیان بشارمەوە!!. ئەگەر دیتیان؟!

قیت دانیشتیت... وویستت هەربستی، دیتت کۆخە بابتی هەرستتاند. ڕاکشایتەوە. هەرستا سەر پێ. بە کۆخە کۆخ ڕێگە قۆپاوەکەی قاندرمەی گرتەبەر.

/ تازە هەر ناوتوانم بچمە خوارێ هەتا دێتەوە سەربان.

روومەتت ئاشقی مانگە بۆیە هەر حەز دەکات تێ ی بڕوانێ.

/ هەر نەهاتەوە... وادیارە چوویتە چە شمە ش !!.

« الله اکبر، الله اکبر»

**تەواو**

**سێشەممە ١٨–٤–١٩٨٩**

**کۆتایی بە نووسینی هاتووە**

# شەڕ و ئاشتی

(گوناحە؛ لە جیاتی هەڵۆ،
کۆتر بۆتە سیمبۆلی ئاشتی...
چونکە ئاشتی وەک ئازادی
لە چنگی هەڵۆ دایە...)
–لە دەفتەری بیرەوەرییەکانی شەهیدێک –
*بە پرۆفیسۆر ئیسماعیل بێشکچی
پێشکەشە

– هەموو کشانەوە؟

+ پێم وایە...

– کەواتە تۆش بکشێوە.. وریا بە.. سەربەرزنەکەیتەوە... بڕۆ.. منیش بە دواتدا..

گوێی لە دەنگیان بوو، دەیانناسینەوە، زێدە لێیەوە دوور نەبوون، حەزی دەکرد بۆ دواجار بیانبینێ، پێی وانەبوو جارێکی دی دەیانبینێتەوە.

(ئێستا بانگیان بکەم، ئیدی دەستبەردارم نابن... بەجێمناهێڵن، لەگەڵ خۆیان دەمبەنەوە..)

هەورە تریشقە مەزەندەکەی پچڕاند، بۆ چاو تروکانێک ئەو ناوەی کردە رۆژی نیوەڕۆ... تێری چاوخشانێکی خێرایی کرد.. کەسی نەبینی.. ڤوژەی گولللەیەکی هاوەن سەری پێداگرت، لە نزیکیدا تەقیەوە، پریشکی خۆی لەو زنارە دا کە بۆتە پەسارگە و سەنگەر

بۆی.. جێ برینەکەی قاچی دەیترویاند، ئەگەرنا خەو دەیبردەوە...
(هەموو هەڤاڵانم کشانەوە... ئیدی ئەو بێناموو سانە گوللە بە چییەوە دەنێن؟ باش بوو کشانەوە... زەبری خۆمان وەشاند، ئیدی چ دەبێ بابێت... دەنگی فیشەکەکانیان دوورکەوتۆتەوە... وادیارە ئەوانیش دەکشێنەوە...)
گوللەیەکی تری هاوەن سەری پێداگرتەوە، بە دوایدا فزەفزەی فیشەکە گڕدارەکان لەگەڵ کەوتنیان بە زنارەکەی پاڵی دەنگیان لێوە دەبڕا. سەری بەرز کردەوە، هێشتا تەم و مژ نەڕەوی بۆوە و ئەو ناوەی خنکاند بوو، هەورە تریشقەیەک دڵی داخورپاند، روانییە ئاسمان، مانگ کزۆڵە ببوو، بە ئاستەم دەبینرا. نوزە نوزێک لە دوورەوە رایچڵەکاند، بێ حەمدی خۆی دەستی بەکەمەریدا خشاند، توند نارنجۆکەکەی سەر پشتێنی

گووشی، له ئه‌مانی چه‌که‌که‌ی روانی، کراوه‌ته‌وه و له‌سه‌ر سه‌ڵیشه‌...

(وادیاره برینداریكی خۆیان به‌جێشهێشتووه‌...)

به‌خشكێوه له‌ژێر زناره‌كه قاچی به‌دوای خۆیدا راكێشا، هه‌ستی خۆی راگرت، فیشه‌كێكی گرڕدار به زناره‌كه‌ی ته‌نیشتیه‌وه كه‌وت، به‌په‌له خشكێوه گه‌ڕایه‌وه ژێر زناره‌كه‌...

لێزمه‌ی باران هێدی هێدی ته‌مومژه‌كه‌ی ده‌ڕه‌وانده‌وه‌... وه‌ك بڵێی گومانی له كشانه‌وه‌ی هه‌موو هه‌ڤاڵانی هه‌بێ، سه‌رنجی دایه‌وه ده‌وروبه‌ری خۆی، تامه‌زرۆی بینینیانه، به‌ڵام كه‌سیانی نه‌بینی، ئاهێكی قووڵی هه‌ڵكێشا...

(ئێستا لێره بوونایه به په‌رۆشه‌وه هه‌ڵیانده‌گرتم.. به‌ڵام ده‌بوومه بارگرانی به‌سه‌ریانه‌وه، له‌وانه‌بوو..)

فیشه‌كێكی تری گرڕدار مه‌زه‌نده‌كه‌ی په‌رش كرده‌وه..

(ئـەو بێناموسـە برینداریشـە کەچـی واز ناهێنـێ...)
ریـزە فیشـەکێکی تـر بەسـەریدا تێپەڕیـن...
نارنجۆکەکـەی کەمـەری توند گووشـیەوە، بەسـیمای گـرژ و گۆڵـەوە ویسـتی هەسـتێتە سـەر پـێ.. بـەڵام بـە کەمێـک سـەر بەرزکردنـەوە روانییـە ئـەو شـوێنەی فیشـەکاکنی لێـوە دەهـات، تارماییەکـی بینـی بەخشـکێوە بـەرەو رووی دێـت، لـە نارنجۆکەکـەی خـۆی روانـی و تیلـە چاوێکیشـی دایـە چەکەکـەی کـە لـە پـاڵ زنارەکـە هەڵیپەسـارد بـوو... روانییـە دەوروبـەری خـۆی...
لێزمـەی بـاران بـە گوڕتـر بـوو، لـە تارماییەکـەی روانییـەوە... وردتر سـەرنجی دایـێ... بـەڵام سـیمای بـەدی نەکـرد...
(هەرچۆنێـک بێـت برینـدارە، ئـەوەش بۆخـۆی نیـوە مردنێکـە... ئـەو نارنجۆکـەم پێویسـت دەبـێ... ئیـدی...)

هەورە تریشقەیەک سەری پێداخستەوە، باران بە گوڕتر ببوو، سێلاوی باران لە هەموو لایەکیەوە دەڕژایە ژێرییەوە. تا ئەو کاتەش هەستی بە شلبوون (تەڕبوون)ی جلەکانی نەکردبوو... ویستی قاچی راستی بنووشتێنێتەوە، جێ برینەکەی بروسکە ئازارێکی لە تۆقی سەریەوە تا بنی پێی پێبەخشی، قاچی داچەمایەوە، دڵۆپ دڵۆپی ئاوی سەر زنارەکە بە لامل دەم و چاویدا شۆڕ دەبوونەوە.. دەسڕێکی لە گیرفانی هێلەکەکەی دەرخست، ورد سەرنجی دایێ، لێی وردبووەوە... بە ئاهێکی ئاگرینی پێڵوی چاوەکانی داگرت، غەرقی نێو بیرەوەریەکانی بوو...»ئەوە دەسڕی هەڤاڵ مزگین بوو، بەچەند سەعاتێک بەر لەوەی شەهید ببێت پێی بەخشیم.. با لەلات بێت تا لەو چالاکییە دەگەڕێمەوە« دڵۆپێک ئاوی سەر زنارەکە داچۆڕیە

سەر گلێنەی راستییەوە، دایخورپاند، لە دەوروبەری خۆی روانی...

(ئیدی هەر نەگەڕایتەوە هەڤاڵ رۆناهی... هەر نەگەڕایتەوە...)

دەم و چاو و لا ملی خۆی سڕییەوە، لە لوتکەی ئەو شاخەی روانی کە شەو لەگەڵ هەڤاڵانی بۆ ئەو چالاکییە پێیدا گوزەریان کرد. ئێستا شریتێکی زەردی باریک لێواری بەرزاییەکانی شاخی تەنیوەتەوە.. سیمای یەکە یەکەی هەڤاڵانی هاتەوە یاد...

(باوەڕ ناکەم ئیدی بتانبینمەوە...)

غەرقی بیرەوەرییەکانی بۆوە... رۆژانی رابردووی لەگەڵ هەڤاڵانی تیپەکەی وەک شریتێکی سینەمایی دڵگیر بەهزریدا تێپەڕێ...

دەستی بە قاچی چەپیەوە گرتبوو، بە خەمناکی لێی دەڕوانی، برینەکەی گرژ و مۆنی کردبوو، سەری بادەدا و

لێوانی دەکرۆشت، سەرنجێکی تیژی دایە زنارەکە، کین و تووڕەییەک رووخساری شێواند... بەخشکێوە کەمێک لە زنارەکە نزیک بۆوە، لە مەخزەنی (M١٦)ەکەی دەستی روانی... و لێیکردەوە
(یەک فیشەکیشی تێدا نەماوە!!)
بەسەرسامی و ترسێکەوە چەک و مەخزەنەکەی لە دەستدا غلۆر بۆوە، بەهەمان سەرسامی و ترس لە زنارەکەی روانی... دەستی بۆ حەربەکە درێژ کرد...
(ئەگەر مردبێتیش بە کەلوکلۆمکردنت نەبێ دڵم ئاو ناخواتەوە... ئەی تیرۆریست... خۆزگە دەمزانی کوشتنی ئێوە بۆچی هێندە دڵنەوایی و هەست بە بلیمەتبوون بە مرۆڤ دەبەخشێ؟ ئاه... بەقەد راوچییەکی سەشێت حەز بە راوی ئێوە و کەلوکلۆمکردنتان دەکەم... بەڕاست، باوکم دەیگووت:» راوچییەتی چێژ وەرگرتن و بلیمەتییە...».)

حەربەکـەی دەرخسـت، لێیڕوانـی، تیشـکە باریکەکانـی ئاسـۆ حەربەکـەی دەبریسـکاندەوە، گەشـیی بەخشـیە ئـازای گیانـی... تـا ئـەو کاتەش هەسـتی بـە هەڵاتنی خـۆر نەکردبـوو، نیـوە بازنـەی هەڵاتـووی خـۆر پێڵـوی چاوەکانـی پێداگـرت... ئاوڕێکـی لـە دواوەی خـۆی دایـەوە، چەنـد لاشـەیەکی سـەربازە کـوژراوەکان و زرێپۆشـێکی سـووتاوی بینـی، سەرسـامی کـرد، وەک بڵێـێ بـاوەڕ بـە چاوەکانـی نـەکات، تەزویەکـی خەمئامێـز و سـاردی خسـتە گیانییـەوە... بـە جۆرێـک لـە بـێ ئومێـدی لـە ئەسـتێرەکانی سـەرشـانی روانـی... پێڵوەکانـی داگرتـەوە و بـۆ تاوێـک سـەری لەبـەر خـۆی نـا و سسـتایی باڵـی بەسـەر جوڵـەی لەشـیدا بـاری... خەریـک بـوو حەربەکـەی دەسـتی بکەوێـت، بـەڵام راچڵەکـی و جموجۆڵێـک کەوتـەوە گیانـی، سـێرەی چاوەکانـی لەسـەر زنارەکـە

چەسپی، هەوڵی هەستانەوەی دا، تینی دایەوە بەر خۆی، لەسەر قاچی راستی وەستا، بە کزییەوە لە برینەکەی روانی، بە قاچێکەوە هەڵدەبەزی و چەند هەنگاوێکی هەڵنا، راوەستا و تینێکی تری دایەوە بەر خۆی... چەند هەنگاوێکی مابوو بگاتە زنارەکە...

پاڵی بە زنارەکە دابوو، تیشکی خۆر رووخساریشی گرتەوە و شریتی بیرەوەرییە شیرینەکانی پچڕا، راچڵەکی... بیری بە لای برینداره‌کە چوو، بە ئەسپایی دەستی بۆ پەلاپیتکەی تفەنگەکەی برد، هەوڵیدا سەری لە کولانەی ژێر زنارەکە دەربێنێت... برینەکەی ئازاری دا، بە تەکانێکەوە تا کەمەری لە کولانەی زنارەکە دەرخست، دەست لەسەر پەلاپیتکە رووەو ئەودیو زنارەکە لوولەی تفەنگەکەی ئاراستە کرد، چاوی گیرا لە کۆمەڵێک لاشەی

کوژراوی سەربازەکان و زریپۆشێکی ئاگرتێبەربوو زیاتر هیچی تری نەبینی.... دڵەڕاوکێ گرتی...

(ئەی کوا ئەو بریندارەی شەو نوزەی لێوە دەهات؟!)

بەودیو زنارەکەوە، بە حەربەکەی دەستییەوە خۆی فڕێدایە سەری، نووکە حەربەیەکی سرەواندە قۆڵی چەپی، ئەویش بەتوندی قۆنداخی تفەنگەکەی سرەواندە کەللەی و لە خۆی دوور خستەوە و لوولەی تفەنگەکەی ئاراستە کرد، ئەم بەزگدا کەوت، بەهەردوو دەستی نێوچەوانی خستبووە نێو لەپەکانیەوە، خوێنی بەسەر رووخسار و سینگیدا دەچۆڕا...

– ئەی دەبەنگ لە پەلەقاژەی مەرگ دای... کەچی لە کوشتن تێر نابی...

دەستی چەپی بە زنارەکەوە هەڵسایە سەرپێ و لە قۆڵی خوێناوی خۆی

روانـی، هەسـتی بـە ئێشـەکەی کـرد... هەناسـەیەکی قووڵـی هەڵکێشـا...

- خـۆ ئێسـتا دەتوانـم بتکـوژم و لاشـەکەت بخەمـە پـاڵ لاشـەی سـەربازە کوژراوەکانتـەوە... بـەڵام چ بکـەم برینداریـت... دەسـتم ناگـرێ بتکـوژم...

ئـەو دەنگـە ناسـکەی لـە لای غەریـب نەبـوو!!. بـە رووخسـاری خوێناوییـەوە کەمێـک رووی بـە لادا وەرگێـڕا و بـە تیلـە چاوێکـەوە سـەرنجی دایـێ... بیلبیلـەی چاوەکانـی زیاتـر کـردەوە.. سـەرسـام بـوو، گومانـی لـە دیتنـی چاوەکانـی خـۆی دەکـرد... ئەقڵـی ئـەو دیمەنـە سـەر سـوڕهێنەرەی پێدانەدەقورتـرا.. تەنهـا توانـی دیمەنێکـی بـەر لـە پێنـج سـاڵ و لـە گۆڕەپانـی زانکـۆی ئەنکـەرە، وەک ماسـییەکی بزێـو لـە دەریـای بیرەوەرییەکانـی راو بـکات...

(ئـەوە سـەوسـەنە ... نـا باوەڕناکـەم... ئـەوە خەیاڵاتـی سـاتەکانی بـەر لـە مردنـە،

مرۆڤ بۆ دواجار لە دوا ساتەکانی ژیانیدا بەر لە مردن خۆشەویستترین مرۆڤی دێتە بەرچاو... بەڵام ئەو لێم تۆرا بوو... پێیگووتم:» تۆ لە خوێندکاری زانکۆ ناچیت... لە جەنڕاڵێکی فاشیست دەچیت... بۆیە شایستەی خۆشویستن نیت...» وای پێگووتم... نا... نا ئەوە وڕێنەی بەر لە مردنە... ئەو لە کوێ و گۆڕەپانی جەنگ لە کوێ...؟!)

بێدەنگی و سەرنجدانی وردی ئەوی، بە حاڵەتێکی سەرسوڕهێنەر هاتە بەرچاو... ئەمیش لە رووخساری ئەو ورد بۆوە... ئەو رووخسارەی لەلا نامۆ نەبوو...

(تۆ بڵێی کێ بێت؟!)

زیاتر لێی ورد بۆوە...

(ئەو ئەفسەر و من گەریلا... لە کوێ یەکترمان بینیوە...؟!)

گورج حەربەکەی پاڵی هەڵگرتەوە و بووە تەنێک لە گرژی و تووڕەبوون

و کین. له چاوتروکاندنێکدا هەڵسایەوە سەریەک پێ، کەوتە نێو گێژاوی بیرەوەرییەکانییەوە
(ئێستا کوشتنت لە هەر شتێکی تر جوانتر و و خۆشترە...)
ئەمیش زیاتر لێی ورد بۆوە... باران و خوێن و قوڕاوییبوونی سیمای ئەو، نەیدەهێشت بیناسێتەوە، گومانەکانی زیاتر بوون، گولللە هاوەنێک بە ڤوژە ڤوژی خۆی کەمێک دووری ئەوان گرمەی(لرمە) لێوە هات، چەند گولللە هاوەنێکی تریش بە دوایدا تەقیینەوە، ئەو ناوەیان هەژاند
(تۆبڵێی ئەو بێت... بەڵام ئەو...) نەیدەتوانی گومانەکانی بگەیەنێتە یەقینێک، زیاتر تێی راما. ڤوژەی گولللە هاوەنێک تا دەهات نزیک دەبۆوە، زێدەتر دەبوو، ئەم بە پەلە پاڵی دایە زنارەکە و خۆی گرمۆڵە کرد. ئەویش وەک بتێک لەسەر

قاچێک و حەربە بەدەستیەوە راوەستا بوو، گوللە هاوەنەکە بە تەنیشتیانەوە تەقییەوە... ئەو ناوەی هەژاند و بە قوڕ و لیتە سواقی دا... ئەم بە گرمۆڵەییەوە سەری بەرز کردەوە، دونیا کش و مات، سەرنجی دایە شوێنی راوەستانی ئەو، کەسی بە پێوە نەدی. بەڵام لاشەیەکی غەرقی خوێنی بینی، بە شەلەشەل و کووڕبوونەوەوە، بە ئەسپایی رووەو لاشەکە هەنگاوی هەڵنا، گەیشتە سەری، لاشەکە بەسەر پشتدا کەوتبوو، بە وردی سەرنجی سیمای خوێناوی و قوڕاوی ئەوی دا، ناسییەوە، پێڵوەکانی داگرت، شریتی بیرەوەرییەکانی رۆژگاری زانکۆی لێدایەوە...

ڤوژەی گوللە هاوەنێکی تر شریتی بیرەوەرییەکانی پچڕاند... بە کووڕبوونەوە و خێراییەکی زۆر خۆی گەیاندە پاڵ زنارەکە... لە پشت زنارەکە و بە

لرمەیەکی بەرزەوە، گوللە هاوەنەکە تەقییەوە... ئەو ناوەی هەژاند... دونیا مات بوو... لە لوتکەی شاخەکەی بەرامبەری روانی، بە ئومێدی شەو و گەڕانەوە بۆ نێو(لای) هەڤاڵانی پێڵوەکانی لێکنا و تفەنگەکەی لە ئامێز گرت...

***لە رۆژنامەی (رۆناهی) ژمارە (١٥)**
**رۆژی دووشەممە ٢٤–٠٧–٢٠٠٠**
**(٠٤–٠٥–٢٧٠٠ کوردی)**
**لە لاپەڕە (١٠) بڵاوکراوەتەوە.**

# سیناریۆی کورتە فیلمی
# شەڕ و ئاشتی

## کارەکتەرەکان:

١. کچە گەریلایەک (٢٥ساڵ)

٢. ئەفسەرێکی سوپای تورکیا (٢٨ ساڵ)

٣. فەرماندەی گەریلا (٣٠ ساڵ)

٤. یاریدەدەری فەرماندەی گەریلا (٢٦ ساڵ)

٥. سەرتیمی هێرشبەر

٦. کۆمەڵێک گەریلا

٧. کۆمەڵێک سەربازی سوپای تورکیا

٨. کۆمەڵێک خوێندکاری زانکۆ

٩. کۆمەڵێک پۆلیس

## ١. دەرەوە – بەرزاییەک کە دەڕوانێتە دەشتێکەوە – شەو

تەمومژێکی چڕ، دەستەیەک گەریلای کچ و کوڕ خەریکن بە خشکەیی و ئەسپایی خۆ لە مۆڵگەی هێزێکی سەربازیی سوپای تورکیا نزیک دەکەنەوە، کە بۆ کێوماڵ دەرچوونە.

فەرماندەی گەریلا:

دەستپێبکەن، لێدەن...

سەرتیمی هێرشبەر:

تەواو...

لەگەڵ تەقاندنی ئارپیچییەکدا دەست بە تەقەی بیکەیسی و کلاشینکۆف دەکرێت و گوللە بە ڕووی مۆڵگەکەی سەربازان دەبارێت، زریپۆشێک دەسووتێت، دەنگەدەنگ و قەرەباڵخییەکی زۆری سەربازان و بێتەلەکانیان تا دێت بەرز دەبێتەوە.

لەگەڵ بەردەوامبوونی ئەو دەنگەدەنگ

و قەرەباڵخییەدا تایتڵی فیلمەکە بەدیار دەکەوێت.

## ٢. دەرەوە – سەر بەرزاییەک – کازیوە

تەومومژاوییەکی چڕ. دەنگی تەقە و تەقینەوەکان بەردەوامە. تارمایی چەند گەریلایەکە کە بەپەلە خەریکی کشانەوەن. فەرماندارى تیمەکە قسە لەگەڵ یاریدەدەرەکەی دەکات:

فەرماندەی گەریلا:

هەموو کشانەوە؟

یاریدەدەری فەرماندە:

پێم وایە کشاونەتەوە...

فە. گەریلا:

کەواتە تۆش بکشێوە.. بەخشکەیی بڕۆ، وریا بە.. منیش بە دواتدا..

ی.فەرماندە:

باش.

## ٣. دەرەوە – پاڵ زنارێک – کازیوە

کچە گەریلایەکی بریندار لەپاڵ زنارێکەوە کەوتووە، گوێی لە دەنگیانە، لێیان دەڕوانێ، بەڵام بە بەهۆی تەمومژەوە و خوێناوی بوونی دەموچاوییەوە ناتوانێ بیانبینێت. دیارە کە ئازاری زۆرە. بەخشکێیەوە بەو دیوی زنارەکەوە دەچێتە ئەم دیوی زنارەکەوە.

لەگەڵ هەورە تریشقەیەکدا سەری بەرز دەکاتەوە، بۆ چاو تروکانێک ئەو ناوە دەکاتە رۆژی نیوەڕۆ... تیری چاوخشانێکی خێرایی کرد.. بەڵام کەس نابینێت.. ڤوژەی گوللەیەکی هاوەن سەری پێدادەگرێت.. لە نزیکیدا دەتەقێتەوە، پریشکی خۆی لە زنارەکە دەدات.

## ٤. دەرەوە – بناری بەرزاییەکە – کازیوە

ئاگر و دووکەڵ تێکەڵ بە تەمومژ بووە، دیارە کە سوپاکە زەبری بەرکەوتوو، چەند زرێپۆش و ئۆبوسێک سوتێنراون، چەند زرێپۆشێک و سەربازەکانیش خەریکی کشانەوەن. ئەفسەرێکی سوپاکە بە سەختی بریندارە. سەری بەرز دەکاتەوە. لە بەرزاییەکە دەڕوانێت. سێرەی چاوی بۆقەدپاڵ زنارەکە چڕ دەبێتەوە. جولەی کەسێک دەبینێت کە بەخشکەیی دەڕوات.

## ٥. دەرەوە – بەرزاییەکە، قەدپاڵ زنارەکە – کازیوە

لەچاوی ئەفسەرەکەوە؛ جولەی خشکەیی کچە گەریلایەک دەبینرێت، کە خەریکە خۆی دەخاتە پشت زنارەکەوە.

## ٦. دەرەوە – بناری بەرزاییەکە – کازیوە

ئەفسەرەکە لە زنارەکە دەڕوانێت. ئاورێک لە دواوەی خۆی دەداتەوە. دەبینێت کە هێزەکەی لە کشانەوە دایە و چەند زریپۆش و تۆپێکیان سووتاون، دیسان لە زنارەکە دەڕوانێت، بە خشکەیی بەرەو زنارەکە دەڕوات.

## ٧. دەرەوە – بنار بەرزاییەکە – کازیوە

تەمومژ بەردەوامە. گوللەیەکی تری هاوەن سەری پێداگرتەوە، بە دوایدا فیزەفیزی فیشەکە گڕدارەکان لەگەڵ کەوتنیان بە زنارەکەی پاڵی دەنگیان لێوە دەبڕێ. سەری بەرز دەکاتەوە، هەورە تریشقەیەک دڵی دادەخورپێنێت، دەڕوانێتە ئاسمان، مانگ لەنێو تەمومژدا کزۆڵە بووە، بە ئاستەم دەبینرێت. نوزە نوزێک لە دوورەوە رایدەچڵەکێنێت، بێ حەمدی خۆی دەستی بە کەمەریدا

دەخشێنێت، توند نارنجۆکەکەی سەر پشتێنی دەگووشێت، لە ئەمانی چەکەکەی دەڕوانێت، کراوەتەوە و لەسەر سەڵیشە...

**گەریلاکە:**

**وادیارە برینداریکی خۆیان بەجێهێشتووە...**

بەخشکێوە لەژێر زنارەکە قاچی بەدوای خۆیدا رادەکێشێت، هەستی خۆی رادەگرێت، فیشەکێکی گڕدار بە زنارەکەی تەنیشتیەوە دەکەوێت، بەپەلە خشکێوە دەگەڕێتەوە ژێر زنارەکە... لێزمەی باران هێدی هێدی تەمومژەکە دەڕەوێنێتەوە. سەیری دەوروبەری خۆی دەکات. فیشەکێکی تری گڕدار بەسەریدا تێدەپەڕێت.

ریزە فیشەکێکی تر بەسەریدا تێپەڕێت. نارنجۆکەکەی کەمەری توند دەگووشێت، بەسیمای گرژ و گۆڵەوە دەیەوێت هەستێتە سەر پێ.. بەڵام بە کەمێک سەر

بەرزکردنەوەوە دەڕوانێتە ئەو شوێنەی فیشەکەکانی لێوە دێت، تارماییەک دەبینێت کە بەخشکییەوە بەرەو رووی دێت، سەیری نارنجۆکەکەی خۆی دەکات، پڕدەداتە چەکەکەی کە بە زنارەکەدا هەڵیپەساردووە. لە دەوروبەری خۆی دەڕوانێت.

لێزمەی باران بە گوڕتر دەبێت، لە تارماییەکە دەڕوانێت. وردتر سەرنجی دەداتێ. بەڵام سیمای دیار نییە.

**گەریلاکە:**

**وادیارە واز ناهێنێت..**

توند نارنجۆکەکەی دەگووشێت. هەورە تریشقەیەک سەری پێدادەخاتەوە، باران بە گوڕتر دەبارێت. سێلاوی باران لەهەموو لایەکیەوە دەڕژێتە ژێرییەوە. تەواو جلەکانی تەڕ دەبێت. دەیەوێت قاچی راستی بنووشتێنێتەوە، جێ برینەکەی ئازاری دەدات. دڵۆپ دڵۆپی ئاوی سەر

زنارەکـە بـە لامـل دەم و چاویـدا شـۆڕ دەبنـەوە. دەسـڕێکی لـە گیرفانی هێڵەکەکەی دەردەخـات، ورد سـەرنجی دەداتـێ، بـە ئاهێکـی ئاگرینـی پێڵـوی چاوەکانـی داگـرت. دەم و چـاو و لا ملـی خـۆی دەسـڕێتەوە، لـە لوتکـەی ئـەو شـاخە دەڕوانێـت کـە شـەو لەگـەڵ هەڤاڵانـی بـۆ ئـەو چالاکییـە پێیـدا گوزەریـان کـرد. شـریتێکی زەردی باریـک لێـواری بەرزاییەکانـی شـاخی تەنیوەتـەوە..

## ٨. دەرەوە – دەشتاییەکەی بنار بەرزاییەکە – کازیوە

تەمومژێکـی چـڕ. ئەفسـەرەکە دەسـتی بـە قاچـی چەپیـەوە گرتـووە، بـە خەمناکـی لێـی دەڕوانێت، برینەکـەی گرژ و مۆنی کردبوو، سـەری بـادەدا و لێوانـی دەکرۆژێـت، سـەرنجێکی تیـژ دەداتـە زنارەکـە، کیـن و تووڕەییـەک رووخسـاری شـێواندووە...

بەخشکییەوە کەمێک لە زنارەکە نزیک دەبێتەوە، لە مەخزەنی (M١٦)ەکەی دەستی دەڕوانێت و سەرسام دەبێت. یەک فیشەکیشی تێدا نییە.

**ئەفسەر:**

**یەک فیشەکیشی تێدا نەماوە!!**

بەسەرسامی و ترسێکەوە چەک و مەخزەنەکەی لە دەستدا غلۆر دەبێتەوە، بەهەمان سەرسامی و ترس لە زنارەکە دەڕوانێت. دەست بۆ حەربەکە درێژ دەکات.

**ئەفسەر:**

ئەگەر مردبێتیش بە کەلوکلۆمکردنت نەبێ دڵم ئاو ناخواتەوە... ئەی تیرۆریست... خۆزگە دەمزانی کوشتنی ئێوە بۆچی هێندە دڵنەوایی و هەست بە بلیمەتبوون بە مرۆڤ دەبەخشێ؟ ئاە... بەقەد راوچییەکی سەرشێت حەز بە

راوی ئێوە و کەلوکلۆمکردنتان دەکەم... بەڕاست، باوکم دەیگووت:» راوچییەتی چێژ وەرگرتن و بلیمەتییە...».

ئەفسەرەکە حەربەکەی دەردەخات، لێیدەڕوانێت، تیشکە باریکەکانی ئاسۆ حەربەکەی دەبریسکێنێتەوە، پێی دەگەشێتەوە. ئاوڕێک لە دواوەی خۆی دەداتەوە، چەند لاشەیەکی سەربازە کوژراوەکان و زریپۆشێکی سووتاوی دەبینێت، سەرسامی دەکات، بە جۆرێک لە بێ ئومێدی لە ئەستێرەکانی سەرشانی دەڕوانیت. پێڵوەکانی دادەگرێتەوە و بۆ تاوێک سەری لەبەر خۆی دەنێت و خودەکەی سەری دادەگرێت، سستایی باڵی بەسەر جولەی لەشیدا دەکێشێت. رەشەبایەک هەڵدەکات و خودەکەی غلۆر دەبێتەوە خوارەوە،بەتووڕەبوونەوە سەیری غلۆربوونەوەی خودەکەی دەکات و سەیری زنارەکە دەکات، بەتووڕەبوونەوە

سێرەی چاوەکانی لەسەر زنارەکە دەچەسپێت، هەوڵی هەستانەوە دەدات، تین دەداتە بەر خۆی، لەسەر قاچی راستی رادەوەستێت، بە کزییەوە لە برینەکەی دەڕوانێت، بە قاچێکەوە هەڵدەبەزێ و چەند هەنگاوێک هەڵدەنێت، رادەوەستێت و تینێکی تر دەداتەوە بەر خۆی... چەند هەنگاوێکی دەمێنێت تا بگاتە زنارەکە...

## ٩. دەرەوە – بەرزاییەکە، پەنا زنارەکە – کازیوە

تەمومژێکی چڕ. گەریلاکە؛ پاڵی بە زنارەکە داوە، تیشکی خۆر رووخساری دەگرێتەوە و شریتی بیرەوەرییە شیرینەکانی دەپچڕێنێت، رادەچڵەکێت... بیری بۆ لای بریندارەکە دەچێت، بە ئەسپایی دەست بۆ پەلاپیتکەی تفەنگەکەی دەبات، دەست لەسەر پەلاپیتکە رووەو ئەودیو زنارەکە

لوولەی تفەنگەکەی ئاراستە دەکات، جگە لە کۆمەڵێک لاشەی کوژراوی سەربازەکان و زریپۆشێکی ئاگرتێبەربوو زیاتر هیچی تر نابینێت.... دڵەڕاوکێ دەیگرێت...

**گەریلا:**

ئەی کوا ئەو بریندارەی شەو نوزەی لێوە دەهات؟!

## ١٠. دەرەوە – بەرزاییەکە، تەنیشت زنارەکە – کازیوە

تەمومژێکی چڕ. ئەفسەرەکە بەودیو زنارەکەوە، بە حەربەکەی دەستییەوە خۆی فڕێدەداتە سەری، نووکە حەربەیەک دەسرەوێنێتە قۆڵی چەپی، گەریلاکە بەتوندی قۆنداخی تفەنگەکەی دەسرەوێنێتە کەللەی و لە خۆی دووری دەخاتەوە و لوولەی تفەنگەکەی ئاراستە دەکات، ئەفسەرەکە

بەزگدا دەکەوێت، بەهەردوو دەستی نێوچەوانی دەخاتە نێو لەپەکانیەوە، خوێنی بەسەر رووخسار و سینگیدا دەچۆڕێت.

**گەریلا:**

ئەی دەبەنگ لە پەلەقاژەی مەرگ دای...
کەچی هێشتا لە کوشتن تێر نابی...؟!
گەریلاکە دەستی چەپی بە زنارەکەوە هەڵدەسێتە سەرپێ و لە قۆڵی خوێناوی خۆی دەڕوانێت، هەست بە زۆریی ئێشەکەی دەکات... هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێت...

**گەریلا:**

خۆ ئێستا دەتوانم بتکوژم و لاشەکەت بخەمە پاڵ لاشەی سەربازە کوژراوەکانتەوە... بەڵام چ بکەم بریندارێت... دەستم ناگرێ بتکوژم... ئەفسەرەکە ئەو دەنگە ناسکەی لە لا غەریب نییە!!. بە رووخساری

خوێناوییەوە کەمێک ڕووی بە لادا وەردەگێڕێت و بە تیلە چاوێکەوە سەرنجی دەداتێ... بیلبیلەی چاوەکانی زیاتر دەکاتەوە.. سەرسام دەبێت، گومان لە دیتنی چاوەکانی خۆی دەکات... ئەقڵی ئەو دیمەنە سەر سوڕهێنەرەی پێداناقورتێت.. تەنها دیمەنێکی بەر لە پێنج ساڵ و لە گۆڕەپانی زانکۆی ئەنکەرە بەبیری دێتەوە.

**ئەفسەر:**

ئەوە خۆ خۆیەتی... ئەوە... نا باوەڕناکەم...

## ١١.دەرەوە – گۆڕەپانی کۆلێژی زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی ئەنقەرە – ڕۆژ (فلاشباگ)

گەریلاکە و ئەفسەرەکە (کە هەردوو

خوێندکارن) لە گۆڕەپانەکە بەیەکەوە ڕاوەستاون، دیارە کە لەیەکتر تووڕەن. ئەفسەرەکە توند دەستی گرتووە بۆ ئەوەی نەڕوات. گەریلاکە خۆی لەدەستی رادەپسکێنێت.

**گەریلاکە (کاتێک کە خوێندکار بوو):**

دەستم بەردە،تۆ لە خوێندکاری زانکۆ ناچیت،لە جەنراڵێکی فاشیست دەچیت. لەهیچ تێناگەیت، بۆیە شایستەی خۆشویستن نیت. هەموو شتێک لەنێوان من و تۆ کۆتاییهات..

## ١٢.دەرەوە – بەرزاییەکە، تەنیشت زنارەکە – ڕۆژ

**ئەفسەرەکە:**

نا... نا... ئەو لە کوێ و گۆڕەپانی جەنگ لە کوێ...؟!)

گەریلاکە بێدەنگی و سەرنجدانی وردی ئەفسەرەکەی بە حاڵەتێکی سەرسوڕهێنەر دێتە بەرچاو،لە رووخساری ئەفسەرەکە ورد دەبێتەوە، ئەو رووخسارەی لەلا نامۆ نییە.

**گەریلا:**

تۆ بڵێی کێ بێت؟!

زیاتر لێی ورد بۆوە...

**گەریلا:**

ئەو ئەفسەر و من گەریلا... لە کوێ یەکترمان بینیوە...؟!

ئەفسەرەکە گورج حەربەکەی پاڵی هەڵگدەگرێتەوە و دەبێتە تەنێک لە گرژی و تووڕەبوون و کین. لە چاو تروکاندنێکدا هەڵدەسێتەوە سەریەک پێ، دەکەوێتە نێو گێژاوی بیرەوەرییەکانییەوە.

دەنگی هەلیکۆپتەر دێت، تا دێت دەنگەکەی نزیکتر دەبێتەوە.

**ئەفسەر:**

ئێستا کوشتنت لە هەر شتێکی تر جوانتر و خۆشترە...

گەریلاکە زیاتر لێی ورد دەبێتەوە... باران و خوێن و قوڕاوییبوونی سیمای ئەو، ناهێڵێت بیناسێتەوە، گومانەکانی زیاتر دەبن، گوللە هاوەنێک بە ڤوژە ڤوژی خۆی کەمێک لە دووری ئەوان گرمەی لێوە دێت، چەند گوللە هاوەنێکی تریش بە دوایدا تەقنەوە، ئەو ناوە دەهەژێنن.

**گەریلا:**

تۆبڵێی ئەو بێت... بەڵام ئەو...

گەریلاکە زیاتر تێی رادەمێنێت. دەنگی هەلیکۆپتەر دێت، دارستانی قەد پاڵ چیاکە بۆردومان دەکات.

**ئەفسەر:**

تۆ و گۆڕەپانی جەنگ؟

**گەریلا:**

تۆ و چیاکانی کوردستان؟

**ئەفسەر:**

هەرگیز باوەڕ ناکەم تۆ...تۆ... پێمبڵێ؛ چی تۆی گەیاندۆتەوە ئێرە؟!

**گەریلا:**

کە وڵات دەبێتە گۆڕەپانی جەنگ، ئەوا یان دەبێ جەنگاوەر بین، یان دەبێ نەبین...

**ئەفسەر:**

جەنگاوەریی چی؟ ئێوە ... ئێوە تی...رۆ...

**گەریلا:**

ئێمە جەنگاوەریی ئازادیین، بەبێ ئازادی جەنگیش کۆتایی نایەت.

ئەی تۆ؟ چیی تۆی گەیاندە سەر چیاکانی ئێمە؟

**ئەفسەر:**

چیاکانی ئێوە؟ ئێوەی چی؟ ئێوە کێن؟

**گەریلا:**

ئێمە ئەو گەلەین کە دەمانەوێ بە ئازادی لەگەڵ گەلی ئێوە بەیەکەوە بە ئاشتی بژین. بەڵام فاشیزم...

دەنگی هەلیکۆپتەرەکە تا دێت نزیکتر دەبێتەوە، بۆردومانی ئەو شوێنە دەکات کە گەریلا و ئەفسەرەکەی لێیە. گەریلاکە بە پەلە پاڵ دەداتە زنارەکە و خۆی لەناو کولانەی زنارەکە گرمۆڵە دەکات و هاواری لێ دەکات:

**گەریلا:**

خۆت بە ئەرزەکەدا بدە... وەرە ئێرە... وەرە.

بۆردومانەکە تا دێت نزیکتر و زێدەتر دەبێت، ئەفسەرەکە وەک بتێک

لەسەر قاچێک و حەربە بەدەستیەوە ڕادەوەستێت، وەک ئەوەی شۆک بووبێت. هەلیکۆپتەرەکە دەوروبەری زنارەکە بۆردومان دەکات. ئەو ناوە دەهەژێنێت و دەیکات بە قوڕ و لیتە، دووکەڵ ئەو ناوە دەتەنێتەوە، چەند چاڵێک لەو ناوە هەڵدەکات، دانەیەک لەرۆکێتەکان لە نزیک ئەفسەرەکە دەتەقێتەوە. گەریلاکە خۆی لەناو کولانەی زنارەکە گرمۆڵە کردووە، سەری بەرز دەکاتەوە، بۆردومانەکە دوور دەکەوێتەوە، دونیا کش و مات، سەرنجی دەداتە شوێنی ڕاوەستانی ئەفسەرەکە، کەسی بە پێوە نەدی. سەری سوڕدەمێنێ، بەڵام لاشەیەکی غەرقی خوێن دەبینێت، بە شەلەشەل و کووڕبوونەوەوە، بە ئەسپایی رووە و لاشەکە هەنگاو هەڵدەنێ، دەگاتە سەری، لاشەکە بەسەر پشتدا کەوتووە، بە وردی سەرنجی

سیمای خوێناوی و قوڕاوی ئەفسەرەکە دەدات، سەیری پلێتی ملی ئەفسەرەکە دەکات، پێڵوەکانی دادەگرێت، پلێتەکەی ملی لێدەکاتەوە، شریتی بیرەوەرییەکانی رۆژگاری زانکۆی لێدایەوە...

## ١٣. دەرەوە – سەرشەقامێکی ئەنقەرە – رۆژ (فلاشباگ)

پێکدادانی نێوان پۆلیس و خوێندکارانی زانکۆیە. پۆلیس لە خوێندکارەکان دەدەن و بە قژیانەوە یان بە قۆڵیانەوە رایاندەکێشن. ئەو کچە گەریلایەش یەکێکە لەو خوێندکارانەی بە قژ راکێشراوە. ئەو ئەفسەرە و کۆمەڵێک خوێندکاری تری فاشیست بە بەرزکردنەوەی نیشانەی گورگە بۆرەکان، قاقا پێدەکەنن و گاڵتە بەو خوێندکارانە دەکەن.

**خوێندكاره خۆپیشاندەرەکان:**

بڕوخــێ فاشــیزم... بـژی ئاشــتی، بـژی بەیەکــەوە ژیانــی گــەلان

**خوێندكاره فاشیستەکان:**

بمرێ جوداخوازەکان، بمرێ تیرۆریستان...

## ١٤. دەرەوە – پاڵ زنارەکە – رۆژ

بـاران بـە خوڕتـر دەبارێـت، هــەوره تریشـقه بەردەوامـه، گەریلاکـه تەرمـی ئەفســەرەکه رادەکشـێته نـاو یەکێـک لـه چاڵـەکان، بـە حەربەکـەی ئەفسـەرەکه خـۆڵ هەڵدەکەنێـت و بەدەسـت خـۆڵ بەسـەر تەرمەکـەدا دەکات، تـا تەرمەکـه ون دەبێـت و گۆڕەکـه هەڵدەنـێ. بـاران و هـەوره بروسـکه بەردەوامـه. بەردێکـی پـان و باریـک کێلئاسـا لەسـەر لایەکـی گۆڕەکـه دەچەقێنێـت، هـەر بـە نووکـی حەربەکـه

شتێک لەسەر کێلەکە دەنووسێت.
تا لە نووسینەکە تەواو دەبێت، باران و هەورە تریشقەش رادەوەستێت، گەریلاکە لە ئاسمان دەڕوانێت، هەڵۆیەکی مەزن بە ئاسماندا دەفڕێت و دەنگی دێت، بزەیەکی دێتێ، هەڵدەستێتەوە سەر پێ.
گەریلاکە بە حەربەکەی دەستی خەریکی رێککردنی جووت دارشەقێکە، کەدیارە خۆی لە لقی درەخت دروستی کردووە، لە دەوروبەری خۆی دەڕوانێت، سەیری گۆڕەکە دەکات، پلێتەکە لە گیرفانی هێلەکەکەی دەردێنێت و سەیرێکی دەکات و بە کێڵی گۆڕەکەوە هەڵیدەواسێت، لە گۆڕەکە رادەمێنێت، پلێتەکە بەسەر نووسینەکەدا شۆڕ دەبێتەوە، کە لەسەری نووسراوە:
ئەمە گۆڕی فاشیستێکە*
سەیری ئاسمان دەکات کە هێشتا هەڵۆکە بە ئاسمانەوەیە و دەنگی دێت،

سەیری لوتکەی شاخەکە دەکات، پشت لە گۆڕەکە و رووەو شاخەکە بەجووت دارشەقەیەکەوە و چەکەکەی لەخۆی ئالاندووە و هەنگاو دەنێت. هەڵۆکە هەر بە ئاسمانەوەیە و دەنگی دێت.

بەدوای رەشبوونی ئەکرانەوە، بە سوور دەنووسرێ:

**(مخابن؛ لە جیاتی هەڵۆ ،**
**کۆتر بۆتە سیمبۆلی ئاشتی...**
**کەچی ئاشتی وەک ئازادی**
**وا لە چنگی هەڵۆ دایە...)**

**– لە دەفتەری بیرەوەرییەکانی شەهیدێک –**

**– کۆتایی –**

***تێبینی**: دەکرێ لەسەر کێلی گۆڕەکە یەکێک لەو رستانە بنووسرێت:
«فاشیزم کوێری کرد و هێنای بۆ ئێرە» یان «فاشیستێک لێرە نێژرا» یان «فاشیزم لێرە نێژرا» یان «فاشیزم ئەوی گەیاندە ئێرە« یان «فاشیزم تۆی گەیاندە ئێرە».